

فەرید ئەسەسەرد

# سێ خوێندنگەکەی عیراق و دەرفەتی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەیان

عیراق سێ خوێندنگەی سیاسی-کولتووریی جیاوازی هەیە، کە بریتین لەخوێندنگەکانی شیعە، سوننە و کورد. سەقامگیریی ناوخۆی عیراق بەندە بەپێکەوە سازان و پێکەوە گونجانی ئەم سێ خوێندنگەیە، لەچوارچێوەی سیستمێکی یاسایی دیاریکراودا کە هەر سێ لا، لەسەری رێکدەکەون. هەر خوێندنگەیەکیش، پێکهاتەی تایبەتیی خۆی هەیە. خاڵێکیش هەیە هیچ خوێندنگەیەک لەخۆی رانابینێ بتوانێ سەودای لەسەر بکا، ئەویش مەسەلەی پاراستنی تایبەتمەندی و هەوڵدانە بۆ دەستەبەرکردنی هەلومەرجێک، کە ئەم تایبەتمەندییە تێیدا پارێزراو و هەرەشەلێنەکراو دەبێ.

هەر یەکێ لەم سێ خوێندنگەیە، پەیوەندیی بەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەوە هەیە، کە نوێنەرایەتییان دەکا و ئەم پەیوەندییە چەشنە لێپرسراوەتییەک دروست دەکا و بەرژەوەندیی ماددیی ئاڵۆز، بەڵام روون و رۆشن، کەچوارچێوەکەی بەپێی چەند رێسایەکی توندوتۆڵ کێشراوە، پێکدێنێت. زانینی چوارچێوە گشتییەکانی هەر خوێندنگەیەک، دەشێ تێگەیشتنێکی قووڵتر لەرەوتی هەڵسورانی هەر خوێندنگەیەک بەجیا و دەستنیشانکردنێکی وردتری جیاوازییەکانی نێوانیان دەستەبەر بکات.

### خوێندنگەی شیعە

خوێندنگەی شیعە لەسەر بنەمای ئایین دامەزراوە. دیارە ئەمەش پاڵنەری مێژوویی خۆی هەیە. کرۆکی بیرۆکە سەرەکییەکەی خوێندنگەی شیعە، هێنانە دی پێکهاتەیەکی سیاسییە، کە لەگەڵ ئایندەدا بسازێ و خزمەتیشی بکا. بەڵام خودی ئەم بیرۆکەیە لەبیری شیعەدا شتێکی تازەیە، چونکە سیاسەت لەکاتێکی بەرێژە درەنگدا چۆتە ناو بیری شیعەوە. ئەگەرچی رایەڵی بیروڕا و بۆچوونەکانی خوێندنگەی شیعە مۆرکی ئایینییان پێوە دیارە، بەڵام ئەم رایەڵە سەرتاپای ئایینی نییە. فەتواکەی ساڵی ١٩٢٠ی شیرازی سەبارەت بەوەی کەنابێ کەسێکی ناموسڵمان بۆ حوکمڕانی کردنی موسڵمانان هەڵبژێردرێ، ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ کە فەتواکە تەنها پەیوەندیی بەئایینەوە نییە، بەڵکو لەم شوێنەدا، ئایین تێدەپەڕێنێ و دەچێتە سەر مەسەلەی نیشتمانەوە. ناوەڕۆکی فەتواکە ئایین و نیشتمانپەروەری بەشێوەیەکی پتەو پێکەوە گرێ دەدا . دەشێ ئەم فەتوایە یەکەم ئاماژەی رون و راشکاو بێ بۆ چەمکی نیشتمانپەروەری لەخوێندنگەی شیعەدا. فەتواکەی شیرازی زۆر کاری کردە سەر ئەو شەقامەی، کە هاتنەکایەی حکومەتێکی نیشتمانیی بەپێویست دادەنا.(١) بەم پێیە، نیشتمانپەروەری دەروازەیەک بەرەو سیاسەت بوو.

نیشتمانپەروەری دەرهاوێشتەی سفت و سۆیەکی سەرپێیی نەبوو. بەڵام لەخوێندنگەی شیعەدا، نیشتمانپەروەری تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەویش پێکەوە گرێدانی نیشتمانپەروەری و ئایینە. بەم پێیە، نیشتمانپەروەرییەکە لەرووی پێکهێنەرە ئەندێشەییەکانەوە، نیشتمانپەروەرییەکی پشت ئەستور بەئایینە. ئەمە تارادەیەکی زۆر ئەو هۆیە شرۆڤە دەکا کە وای لەخوێندنگەی شیعە کرد، لەسەرەتای پەیدابوونی پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقدا، رازی بێ پاشایەکی سوننە مەزهەب، پاشایەتیی عیراقی پێ بسپێردرێ. لەم مەسەلەیەدا خوێندنگەی شیعە پشت ئەستور

بوو بەڕەچەڵەک، نەک بەئاکام. لێرەدا خاڵی دەستپێک ئەوەیە، کە پاشا سوننە مەزهەبەکە لەتۆرەمەدا سەر بەماڵی هاشمییە، واتە لەڕەگ و ریشەدا دەچێتەوە سەر فاتیمەی کچی پێغەمبەر و خێزانی ئیمام عەلیی کوڕی ئەبو تالب، رەچەڵەکێک کە لەسەرەتادا پشتیوانیی شیعەی دابینکرد.

خوێندنگەی شیعە چەند رەوت و رەهەندێکی بەخۆوە دیوە، رادیکالترینیان ئەو رەوتەیە، کە ویستویەتی شیعەکان سەرکردایەتیی عیراق بکەن و شیعەگەریش ببێ بەمەزهەبی فەرمی، کەئەمەش لەگەوهەردا داشکاندنە بەلای هێنانە کایەی حکومەتێکی تیۆکراتی شیعیدا. ئارنۆلد ولسنی جێگری فەرمانداری گشتیی بریتانیا لەعیراق لەکاتی راپەڕینی ساڵی ١٩٢٠ی شیعەکاندا، تێبینی کردبوو، کە هەندێ لەو ئاخوندانەی دەستیان لەدنەدان و بزواندنی راپەڕینەکەدا هەبوو، ویستوویانە تیۆکراتیزمێکی شیعی دابمەزرێنن .

هەوڵی بریتانیا بۆ هێنانە کایەی بەڕێوەبەرایەتیی سەربەخۆ بۆ شوێنە پیرۆزەکانی شیعە،(٢) بەڵگەی ئەوەیە کە بریتانیا پەی بەگرنگیی رۆڵی فاکتەری ئایینی لەژیانی گشتیی شیعەدا بردووە. لەساڵی ١٩٢٠دا شیعەکان نەیاندەویست حکومەتێک لەسەر دەستی بریتانیا دابمەزرێ. ئەم هەڵوێستە ئاخوندەکانی شیعەی کازمییەی هاندا، داوای پێکەوەنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بکەن. هۆی راستەوخۆی داواکە، دەنگوباسی هەوڵدانی بریتانیا بوو بۆ دانانی کابرایەکی سوننە مەزهەب بەسەرۆکی ئەنجومەنی کاتیی وەزیرانی عیراق.(٣) هۆیە ناڕاستەوخۆکەش دژایەتیی شیعە بوو بۆ هاتنە کایەی حکومەتێک بەسەرۆکایەتیی کابرایەکی سوننە مەزهەبی دۆستی بریتانیا. داواکردنی حکومەتێکی هەڵبژێردراو، شتێکی سەرپێیی نەبوو. ئاخوندە شیعەکانی کازمییە بەئەنقەست داوای هەڵبژاردنی حکومەتیان کرد، چونکە دەیانزانی هەر هەڵبژاردنێکی ئازاد لێی رادەبینرێ کەسێکی شیعە یاخود کەسێک کە مەرجەعییەتی شیعە پشتگیریی لێ دەکا، بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران بەرز بکاتەوە. ئەم داوایە، یەکەم ئاماژەی روونە بۆ پەی بردن بەپەیوەندیی نێوان پرنسیپی هەڵبژاردن و بەرژەوەندیی زۆرینە. ئیدی لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتی کاتیدا، چاخێکی پڕ گومان، دڕدۆنگی و سوسە لەیەکتری کردن دەستی پێکرد. ئەمە هاندەری خوێندنگەی شیعە بۆ پێداچونەوەی هەڵوێستەکەی بەرامبەر بەخودی فەیسەل بوو. دواتر رون بۆوە، کە خوێندنگەی شیعە چیتر وەک سەردەمی پێش دەستپێکی گومان و دڕدۆنگییەکە تەماشای فەیسەل ناکا.

بەکردەوە و دور لەئاسەوارە ئایدیۆلۆژییەکان، خوێندنگەی شیعە پەی بەهێزی کێشی جیۆپۆلیکیی دانیشتوانی شیعەی عیراق برد و بنەمای تیۆرییەکەی لەسەر گرێدانی قەوارەی دانیشتوان و مافی حوکمڕانی دامەزراند. ئەم تیۆرییە بەدرێژایی دەیان ساڵ، بڕبڕەی پشتی خوێندنگەی شیعەی پێکهێنا و لەم روانگەیەوە رەوشی عیراق وا لێکدرایەوە، کە بەکردەوە زەوتکردنی دەسەڵات و پەراوێز خستنی زۆرینەی دانیشتوانە، زۆرینەیەک کە شایستەی بەدەستهێنانی بڕێکی زۆرتری مافە. کاریگەریی سایکۆلۆژیی ئەم لێکدانەوەیە، رون و رۆشنە و زۆر جار بۆتە مایەی پاساودانی هەر داشکاندنێک، بەلای توندڕەویدا. بەڵام سەرەڕای ئەمە، خوێندنگەی شیعە ئەنگێزە مرۆییەکانی خۆی پاراست و هیچ هەلومەرجێک نەیتوانی ئەم ئەنگێزانەی لێ دابماڵێ، ئەویش لەبەر پەیوەندیی مێژوویی خوێندنگەی شیعە بەپرنسیپی دژایەتیکردنی جەور و ستەمەوە.

## خوێندنگەی سوننە

ئاشکرایە کەریشەی مێژوویی توخمە ئایدیۆلۆژییە پێکهێنەرەکانی خوێنگەی سوننە لەبنەڕەتدا ریشەی ئایینین، بەڵام گۆڕانکارییەکانی پاشتر رۆڵیان لەپەیدابوونی چەند رەوتێکی سکیولاریی بەهێز، کە بوونە مایەی فراوانکردنی پەراوێزی فرەیی بیر لە ناو ریزەکانی ئەم خوێندنگەیەدا هەبوو. بنەمای خوێندنگەی

سوننە بەشێوەیەکی گشتی، پشت ئەستورە بەتێکهەڵکێشکردنی پێداویستییە سیاسی و پرەگماتیکییەکانەوە.

لەرووی مێژووییەوە، لانی کەم دوو فاکتەری سەرەکی دەستیان هەیە لەفۆرمۆلەبەندی کردنی نۆرینی ئایدیۆلۆژیی خوێندنگەی سوننە، یەکەمیان ململانێی ئێران-ـ دەوڵەتی عوسمانییە، کە سوننەکانی وروژاند و وای لێکردن بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆیان بەدوای هاوپەیمانییەکدا بگەڕێن، کە بتوانێ بەرپەرچی ئەنگێزە فراوانخوازییەکانی ئێران بداتەوە. ئەمەش هاندەری سوننە بوو بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی دۆستانە بەرامبەر بەعوسمانییەکان. دووەمیان، گۆڕانی نەخشەی دیموگرافی. تایفەگەریی عیراقە لەسەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، گۆڕانێک کە بووە مایەی بەشیعەبوونی ناوچەی پان و پۆڕی نێوان باشووری بەغدا و شەتولعەرەب لەسۆنگەی هەڵسوڕانی گورجوگۆڵانەی مەرجەعییەتی شیعەوە. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، نیگەرانیی سوننە لە پەرەسەندنی تەوژمی پەلهاوێشتنی شیعە زیادی کرد و لەو کاتەدا دەرکەوت، کە راستکردنەوەی پێکهاتە سایکۆلۆژییەکان بۆتە کارێکی ئاڵۆز و دژوار.

لەکۆتایی سەردەمی عوسمانیدا، خوێندنگەی سوننە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی سوننەکان پەی بەبایەخی تێکهەڵکێشبوونی سوننە و عوسمانییەکان برد و لەم سەروبەندەدا، عوسمانییەکان بەکردەوە زیاتر پشتیان بەسوننەکان بەست. ئەمەش وای لەسوننەکان کرد کە زیاتر لە گروپەکانی تر، پەی بەگرنگیی خۆسازاندن لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتدا بەرن. بەمجۆرە، سوننەکان بەکردەوە کادیری کارگێڕیی بەتوانا، لێوەشاوە، ئابورییەکی باشتر و ژیانێکی پێشکەوتوتریان چنگ کەوت. لەکاتێکدا شیعەکان لەسۆنگەی هۆی ئایدیۆلۆژییەوە خۆیان دوورەپەرێز راگرتبوو، دوورە پەرێزییەک کە لە کۆتاییدا بوە هۆی هاوکاری نەکردنی دامودەزگا فەرمییە عوسمانییەکان. سوننەکان کراوەتر هەڵسوکەوتیان کرد و تێکهەڵکێشی ئەو دامودەزگایانە بوون. بەمجۆرە، دوا قۆناغی سەردەمی عوسمانییەکان، هاوکارییەکی پتەوی نێوان سوننەکانی عیراق و عوسمانییەکان و ساردوسڕیی پەیوەندیی نێوان شیعەکان و عوسمانییەکانی بەخۆوە بینی، بەڵام ئەو ساردوسڕییە هەرچۆنێک بێ نەگەیشتە رادەی پێکادان و کێشمەکێش.

چەمکی دەوڵەت لە خوێندنگەی سوننەدا لەوەی هەردوو خوێندنگەی شیعە و کورد رۆشنترە. بریتانییەکان لەساڵی ١٩١٧ وە هەستیان بەمە کردبوو. ئەگەر بڕوانینە راگەیاندنەکەی ١٩ی ئازاری ١٩١٧ی جەنرال ف. س. مۆدی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی بریتانیا لەعیراق، دەبینین ئەم راگەیاندنە ئاراستەی هەموو عیراقییەکان نەکراوە، بەڵکو تەنها ئاراستەی دانیشتوانی ویلایەتی بەغدا کراوە و تێیدا داوا کراوە، (بەهاوکاریی نوێنەرە سیاسییەکانی حکومەتی بریتانیای مەزن)»٤» بەشداری لەهەڵسوڕاندنی کاروباری گشتیدا بکەن. دواتر، سوننەکان ناوچە شیعەنشینەکانیان بەڕێوە برد و ئەمەش سەرانی شیعەکانی نیگەران کرد.»٥» ئاشکرایە کە بریتانییەکان بەئەنقەست وایان کردووە، چونکە خولیای گەڕان بوون بەدوای هاوپەیماندا، تاکو پشتگیریی پرۆژەکەیان لەعیراقدا بکا و لەم بارەیەوە دەشێ، ویستبێتیشیان سوننە و شیعە لێک جیا بکەنەوە. بەڵام هۆکە هەرچییەک بێ، ئەمە نکوڵی لەوە ناکا، کە سوننەکان ئامادەییان بۆ هاوکاریکردنی بریتانیا و بەدەستهێنانی قازانج هەبووە. لەم سۆنگەیەوە بریتانییەکان زۆرتر پشتیان بەسوننە بەست. ساڵی ١٩٢٠دا بریتانیا حکومەتێکی کاتیی بەسەرۆکایەتیی عەبدولرەحمان نەقیبی بەمەزهەب سوننە دامەزراند، کە لە چوار وەزیری سوننە و سێ وەزیری شیعە و جولەکەیەک پێکهاتبوو.

خوێندنگەی سوننە لە مەسەلەی پەسندکردنی پاشایەتیی فەیسەل لە عیراقدا، پشت ئەستور بوو بە دوو بنەمای راگەیەنراوی سەرەکی، کە بریتیبوون لە ریشەی ئۆرۆستۆکراسیی ئایینی و بەمەزهەب سوننەبوونی فەیسەل. سێیەم بنەماش کە بنەمایەکی ناراگەیەنراو بوو، تێروانینی سوننە بوو بۆ فەیسەل وەک سیمبولی سەردەمێکی ئایندە، کە تێیدا سوننەکان رەگەز باڵادەستەکەی

عیراق دەبن. دەوڵەت لەخوێندنگەی سوننەدا بایەخێکی تایبەتی هەیە. بەکردەوە، سوننەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی جیاوازیی رەگەزیی کورد و جیاوازیی تایفەگەریی شیعە، سودیان لە تواناکانی دەوڵەت وەرگرت و وایان دانا، کە یەکێ لە گرنگترین مەرجەکانی دەوڵەتی شکۆمەند و بەسام، ناوەندێتی و توانای دارشتنی یەک چارەنووسە بۆ هەموو دانیشتوان بەبێ گوێدانە رەگەز و تایفەیانەوە.

**خوێندنگەی کورد**

ئەو هەلومەرجە مێژووییەی کە خوێندنگەی کوردی تێدا دامەزرا، هەلومەرجێکی ئێجگار ئاڵۆزە. دەکرێ ماوەی نێوان دەرچوونی عوسمانییەکان لە عیراق لەساڵی ١٩١٨ دا و دەرچوونی بریاری ساڵی ١٩٢٤ی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بەلکاندنی کورد بەعیراقەوە، ئەو قۆناغە بێ کە تێیدا پایە بنچینەییەکانی خوێندنگەی کوردی تێدا دامەزراوە.

تا ساڵی ١٩٢٢ هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی خاوەن رەوشێکی تایبەت، هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا. بریتانییەکان هێشتا دوا بریاریان سەبارەت بەچارەنووس و ئایندەی کورد نەدابوو. لە ساڵی ١٩٢١دا کۆنفرانسی قاهیرە بریاریدا، تا ئەو کاتەی بریتانیا سەرەنجامی کۆتایی هەرێم دیاری دەکا، هەرێم لەدەرەوەی سنوری دەوڵەتی عیراق بهێڵێتەوە.»٦« بیرۆکەی لکاندنی کورد بەعیراقەوە بەلای عەرەبەوە، بیرۆکەیەکی نامۆ بوو. لەساڵی ١٩١٩ دا نوێنەرانی شیعە و سوننە راگەیاندنێکیان لە ٢٢ی کانونی دووەمدا بڵاوکردەوە و تێیدا پێشنیاریان کرد (یەک دەوڵەتی عەرەبی بەسەرۆکایەتیی پاشایەکی موسڵمان) »٧« دابمەزرێنرێ. ئەگەر بەوردی بروانینە ئەم گوزارەیە، دەبینین عەرەبەکان جەختیان کردۆتە سەر دوو خاڵی سەرەکی، یەکێکیان دابەش نەکردنی هەرێمی عەرەب نشینە لەسەر بنچینەی تایفە (شیعە- سوننە) بەسەر دوو دەوڵەتدا و ئەوەی ئەمە رون دەکاتەوە، پێداگرتنە لەسەر گوزارەی (یەک دەوڵەتی عەرەبی).

ئەوی تریان پێویستیی دانانی موسڵمانێکە بەپاشای دەوڵەت بەبێ باسکردنی وردەکارییەکانی تایبەت بەمەزهەبی پاشاکە.

کۆنفرەنسی قاهیرە داخوازییەکانی عەرەبی پشت راست کردەوە. ونستون چەرچلی وەزیری وڵاتە کۆلۆنییەکانی بریتانیا، لە نامەیەکیدا بۆ پەرلەمانتار لوید جۆرج ئاماژەی بۆ دو مەسەلە کرد، کە پەیوەندییان بەمۆرکی عەرەبییانەی ئەو دەوڵەتەوە هەبوو، کە نیازی دامەزراندنی هەبوو، ئەویش هەڵبژاردنی پاشایەکی بەرەگەز عەرەب و (هێنانە کایەی حکومەتێکی کارای عەرەبییە). »٨«

ئەو سێ پرسیارەی کە بریتانییەکان بۆ راپرسییەکەی تایبەت بەیەکلاکردنەوەی چارەنووسی عیراقیان دارشتبوو، تایبەتن بە دەوڵەتێکەوە کە هیچ پەیوەندیی بەکوردەوە نییە و لێرەش گوزارەی (یەک دەوڵەتی عەرەبی) کە ئاماژەیەکی روونە بۆ یەکپارچەیی شیعە و سوننە لەچوارچێوەی یەک دەوڵەتدا، دووبارە دەبێتەوە. لە پرسیارەکاندا، دو جار ناوی (عەرەب) لە پرسیاری یەکەمدا و جارێکیش وەک ئاوەڵناوی سەرۆکی دەوڵەت هاتووە. ئەم واتایەش لە ناواخنی زیاد لە دیکۆمێنتێکدا بەڕوونی رەنگی داوەتەوە، لەوانە نامەکەی ئاخوند شیرازی بۆ وودرۆ ولسنی سەرۆکی ئەمریکا لە ١٣ی شوباتی ١٩١٩ دا، کە تێیدا داوای هێنانە دیی (دەوڵەتێکی عەرەبیی تازەی سەربەخۆی ئیسلامی و پاشایەکی موسڵمان)ی کردووە »١٠«.

خوێندنگەی کورد زۆر بەوردی جەخت لەسەر ئەم قۆناغە گرنگە دەکاتەوە. لێرەدا خاڵە بنچینەییەکە لەوەدایە کە بیرۆکەی لکاندنی کورد بەعیراقەوە، لە کاتی دەرچوونی عوسمانییەکان لە عیراق لە ساڵی ١٩١٨ دا بەلای کوردەوە بیرۆکەیەکی نامۆ بووە، بەڵام تێڕوانینی کورد بۆ میتۆدی بریاردان لەسەر چارەنوس و ئایندەی خۆی، تێڕوانینێکی روون و رۆشن نەبووە. لەڕوانگەی خوێندنگەی کوردەوە، دیاریکردنی یەک رێ لەبەردەم کورددا کە لکاندنیانە بەعیراقەوە، بەبێ هیچ چەشنە گەرەنتییەک، برێکی زۆر زوڵم و ستەمی تێدایە. دوو پێکهێنەرە بنچینەییەکەی خوێندنگەی

كورد بریتین، لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی و ئۆتۆنۆمی، لە كاتێكدا چەمكی مافی چارەی خۆنوسین كە بەرەو جیابوونەوە دەچێ، چەمكێكی تازەیە و زۆربەی كات بۆ بەهێزكردنی بانگەشە و پاساوەكانی مەسەلەی كورد، بەپێی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەكان یاخود بۆ فراوان كردنی پەراوێزی مانۆركردن لەململانێ لەگەڵ بەغدادا، وروژێنراوە.

داگیركردنی بەغدا لەساڵی ١٩١٨ لە كاتی جەنگی یەكەمی جیهاندا، لە لایەن بریتانیاوە دەرفەتێكی زۆرتری بۆ دەركەوتنی بیرۆكەی ئۆتۆنۆمیی كورد پێكهێنا. ئەم بیرۆكەیە نە بەلای بریتانیاوە بیرۆكەیەكی نامۆ بووە نە بەلای كوردەوە. ئەم مەسەلەیە بابەتی باسكردنی بریتانییەكان بوو لەگەڵ كورددا، لە ناوخۆدا لەگەڵ شێخ مەحمود لە سلێمانی و سەید تەها شەمزینی لەرەواندز، هەروەها لەگەڵ كوردەكانی دەرەوەی وڵاتدا، وەك ئەوەی كە لەساڵی ١٩١٨ دا رویدا، كاتێك سێر پرسی كۆكس لە مارسیلیا لە فەرەنسا، گفتوگۆی لەم بارەیەوە لەگەڵ جەنراڵ شەریف پاشای خەنداندا كرد.»١١» بابەتی ئۆتۆنۆمی بەو چاوە سەیر كرا، كە بەكەڵكترین چارەسەرە بۆ بارودۆخی كورد و ناوچەكە. دواتر، ئەو خاڵە بنچینەیییەی كە خوێندنگەی كورد بانگەشەی بۆ كرد، بریتی بوو لەوەی كە عیراق لەڕاستیدا زادەی ساتوسەودایەكی نێوان سوننەكان و بریتانیایە، كە تێدا سوننەكان مووسڵ و كوردستانیان چنگ كەوت و بریتانیا نەوت، كوردیش هیچ.

### شیكردنەوەیەكی گشتی

سەرەڕای ناكۆكیی نێوان سێ خوێندنگەكە و سەرەڕای ئەوەی كە هەندێ لە ناكۆكییەكان، ناكۆكیی ریشەیین، تێبینی كراوە كە لەماوەی نێوان ١٩٢٦و ١٩٥٨دا لێك نزیكبوونەوەیەكی بابەتییانە لەنێوان هەر سێ خوێندنگەدا هاتوتە دی و ئەم لێك نزیكبوونەوەیە لە ڕێگەی بزووتنەوەی نیشتمانییەوە، كە هاوپەیمانیی نێوان رژێمی پاشایەتی و رۆژئاوای بەدوژمنی راستەوخۆی خۆی دادەنا، تۆكمەیی بەخۆوە بینی. هەر خوێندنگەیەك رای وابوو، كە ئامانجەكانی یا خود بەشێك لەئامانجەكانی دەشێ باشتر بێنە دی، ئەگەر گۆڕانێكی وا بێتە دی كە ببێتە مایەی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیی نێوان رژێمی پاشایەتی و رۆژئاوادا.

لانیكەم لە دوو نموونەدا سیاسەتی دەوڵەت، جێ پەنجەی پێكهاتە ئایدیۆلۆژییەكانی هەر سێ خوێندنگەی پێوە دیارە. ئەوە بەڵگەیە كە پاش رووخاندنی رژێمی پاشایەتی لەساڵی ١٩٥٨دا، ئەنجومەنێكی سەرۆكایەتی لە سێ ئەندام پێكهات، كە هەر یەكێكیان سەر بەیەكێ لە سێ گرووپەكە بوو. لانیكەمی ئامانجە سەرەكییەكانی هەر خوێندنگەیەكیش لە دەستوری كاتیی ٢٧ی تەموزدا، رەنگی دایەوە و لەم رووەوە ماددەی دوو، عیراقی بەپارچەیەكی جیهانی عەرەب دانا، كە ئەمەش رێك گوزارشت لە یەكێ لەگرنگترین پرنسیپەكانی خوێندنگەی سوننە دەكا. ئەمەش تاكە ماددە نەبو كە گوزارشت لەڕەوتە سیاسییەكانی خوێندنگەی سوننە بكات، چونكە دەستوورەكە لەماددەكانی تردا لەسەر هەمان ریتم دەڕوا، وەك لە ماددەی ١٦دا دەردەكەوێ كە ئاماژەی بەهێزی بۆ پیرۆزیی دەوڵەت تێدا بەدی دەكرێ، هەروەها لەماددەی ١٧دا كە بۆچوونێكی وای لێ هەڵدەكرێنرێ، كە سوپا رۆڵێكی سیاسیی پێ سپێردراوە. ماددەی سێش گوزارشتی لە شەریكایەتیی كورد و عەرەب لە نیشتماندا كردووە، كە ئەمەش رەنگدانەوەی بیروباوەڕی خوێندنگەی كوردە. ماددەی دوانزەش كە بۆ مەسەلەی پاراستنی ئازادیی ئایینەكان تەرخان كرابوو و بەئەنقەست وشەی (رێوڕەسم)ی تێدا بەكار هاتبوو، ئاماژەیەكی راشكاوانەی بۆ یەكێ لەداخوازییەكانی خوێندنگەی شیعە لێ دەخوێنرێتەوە. لەماددەی نۆشدا باس لەیەكسانیی نێوان تاكەكانی هەر سێ خوێندنگە وەك پرنسیپێكی گشتی كراوە.

بەڵام ئەو لێك نزیكبونەوەیەی كە لەم ماوەیەدا لەنێوان هەر سێ خوێندنگەدا هاتە دی، مەرجەكانی بەردەوامبونی بۆ هەڵنەكەوت. بۆیە لەساڵانی دواتردا پەیوەندیی نێوان سێ خوێندنگەكە ساردوسڕیی تێكەوت. دوو پرنسیپی سەرەكی كە

بەسەر عیراقی پێشودا زاڵبووون، تا رادەیەکی زۆر دەستیان لەشێواندنی پەیوەندیی نێوان سێ خوێندنگەکەدا هەبوو. ئەم دوو پرنسیپەش بریتی بوون، لە ناوەندێتی و پیرۆزکردنی دەوڵەت کە پەیوەندیی نێوانیان ئەوەندە پتەو و تۆکمەیە، دەکرێ هەردووکیان لەیەک پرنسیپدا کۆ بکرێنەوە.

پرنسیپی ناوەندیتی، پرنسیپێکە بەکەڵکی ئەو وڵاتانە نایەت کە لەڕوی پێکهاتەی نژاد، زمان و ئایینەوە فرەییان تێدایە. لەوڵاتە فرەکاندا کاتێک دەوڵەت پێ لەسەر ناوەندێتی خۆی دادەگرێ، ئەمە بەو مانایە دێت، کە نەیتوانیوە پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ هاووڵاتییەکانی خۆیدا دابمەزرێنێ، چونکە پرنسیپی ناوەندێتی تەنها بەکەڵکی پەیوەندیی لاسەنگی نێوان ناوەند و هەرێمەکان دێ. مایەی تێڕامانە کە مێژووی دێرینی عیراق بەسەردەمی دەوڵەتۆکە سۆمەرییەکان دەست پێدەکا، کە ئەمەش لەناوەڕۆکدا بەو مانایە دێ، کە لەو رۆژگارەدا وڵات پێویستی بەناوەندێتی نەبووە. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە دواتر لە بابل لە باشووردا و لە ئاشوور لە باکووردا و لە ناوچە شاخاوییە ئۆتۆنۆمەکانی کوردستاندا پەیدا بوون، نیشانی دەدەن کە عیراقییە دێرینەکان بڕێکی گونجاوی تایبەتمەندییان بۆ خۆیان هێشتۆتەوە. لە مێژووی تازەشدا، دەتوانرێ سەرنجی ئەوە بدرێ، کە عوسمانییەکان تەنها لەهەندێ دۆخی تایبەتدا نەبێ، سێ ویلایەتەکەی عیراقیان نەخستۆتە بەردەستی یەک دەسەڵاتی ناوەندییەوە و لەسیاسەتیشیاندا هەمیشە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکانی عیراقیان لەبەرچاو بووە.

خراپترین نەریتی ناوەندێتی، پشت بەستنە بەهێز. بەمجۆرە، عیراقی پێشوو بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییە کرد، کە گوایە تاکە گەرەنتیی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات، هێزی دەوڵەتە، گوایە جێبەجێکردنی داوا ناوچەییەکان لێی رادەبینرێ ببێ بەمایەی پەیدابوونی دەوڵەتێکی لاواز، کە ئەرکە ناوەندییەکانی خۆی پێ جێبەجێ ناکرێ. ئەمەش بەنۆرەی خۆی، چەمکی پیرۆزکردنی دەوڵەتی لەسەر مۆدێلی ئەڵمانیای لێ کەوتەوە.

ئەو تێکهەڵکێش بوونەی کە دواتر لە نێوان دەوڵەت و چینی سیاسیی دەسەڵاتداردا هاتە دی، وای لە چینی سیاسیی دەسەڵاتدار کرد، خۆی بەڕەنگدانەوەی ویستی دەوڵەت بزانێ. ئەمەش بەنۆرەی خۆی هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی عیراقی پێشووی کردە سیاسەتێکی دور لە لۆجیک. بەم پێودانگە، تا ساڵی ١٩٥٨ کەڕۆژگاری پەرەسەندنی پەیوەندیی نێوان عیراق و هەر یەک لەڕۆژئاوا و ئێرانە، زۆر جار ئەو کوردانەی داوای مافە نەتەوەییەکانیان دەکرد، پێیان دەوترا کۆمۆنیست و زۆر بەدەگمەن باسی پەیوەندیی نێوان شیعە و ئێران دەکرا. کەچی لەساڵی ١٩٥٨ بەدواوە، کە ساڵێکە بەسەرەتای دەرچوونی عیراق لەکامپی رۆژئاوا و پیادەکردنی سیاسەتێکی چەپڕەوانە دادەنرێ و لە سۆنگەی پەیتا پەیتا تێکچوونی پەیوەندیی عیراق لەگەڵ هەر یەک لەڕۆژئاوا و ئێران، دەست کرا بەبانگەشەکردن بۆ تیۆرییەکی پێچەوانەی تیۆریی پێشوو کە گوایە کورد بەڕۆژئاواوە بەستراوەتەوە و شیعەش بەئێرانەوە.

ئەم هەلومەرجە رەوشێکی وای داهێنا، کە تێیدا دەوڵەت کەوتە گومان کردن لە دڵسۆزیی بەشێکی هاووڵاتییەکانی خۆیەوە. سەربار، چینی سیاسیی دەسەڵاتدار گەییشتە ئەو ئاستەی، کە چیتر جیاوازیی لەنێوان ئەو رەخنەیە نەدەکرد کە ئاراستەی سیاسەتەکەی دەکرێ و لە نێوان ئەو رەخنەیەی کە ئاڕاستەی دەوڵەت دەکرێ. ئەم نۆڕینە کە شتەکانی پێ لێک جیا ناکرێتەوە، بەو سەرەنجامە گەیشت، کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەختی لە نێوان دەوڵەت و بەشێکی هاووڵاتییەکانی لێ کەوتەوە.

ئەگەرچی عیراق چەند هەوڵێکی بۆ دۆزینەوەی میتۆدی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بەخۆوە دیوە، بەڵام قەوارەی گیروگرفتەکان لەگەڵ رادەی خۆخەریککردنی دەوڵەت بەدۆزینەوەی چارەسەرەوە نەدەگونجا. لەساڵی ١٩٣١دا دەوڵەت بەدەرکردنی یاسای زمانە لۆکالییەکان، ویستی چارەسەرێکی داخوازییە زمانەوانییەکان بکا. بەڵام ئەم یاسایە نەبووە هۆی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ساردوسڕیی نێوان کورد و دەوڵەتدا. کەموکوڕییەکانی ناو یاساکە و شێوە و میتۆدی جێبەجێکردنی بەبەردەوامی، مایەی تەگەرەدان بوون لەرەخسانی

هەلێک بۆ چاککردنی پەیوەندیی نێوان کورد و دەوڵەتدا. لەساڵی ١٩٥٨دا ئاماژەکردن بۆ چەمکی شەریکایەتی لە دەستوری کاتیدا، تەنها ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتیی روکەش و بێدەسەڵاتی لێ کەوتەوە. هەروەها لەساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٦دا دوو پڕۆژەی تایبەت بەجێبەجێکردنی سیستمی ناسەنترال لە عیراقدا شکستیان هێنا. یاسای ساڵی ١٩٦٩ی پارێزگاکانیش دەسەڵاتی پێویستی بەپارێزگاکان نەبەخشی. ئاشکرایە کە هۆی شکستی ئەم هەوڵانە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەوڵەت بەوردی لە کرۆکی گیروگرفتەکەی نەکۆڵیوەتەوە و هەمیشە لەسەر هەندێ گۆڕانی رووکەش سوور بووە. بەمجۆرە، گیروگرفتەکان درێژەیان کێشا، چونکە چارەسەرە رووکەشەکان نەیاندەتوانی چارەسەری گونجاو بۆ گیروگرفتە قوڵەکان بدۆزنەوە. ئەزموونی عیراق ساغی کردەوە، کە چارەسەر تەنها بەنیاز پاکی نایەتە دی و ئەگەر چارەسەرەکان کرۆکی گیروگرفتەکە نەپێکن، تەنها وەک هەنگاوێکی شیاوی شکستخواردن دەمێننەوە.

یەکێ لەگرنگترین گیروگرفتەکانی عیراقی پێشوو ئەوەیە، کە دەوڵەت نەیتوانیوە ببێتە دەسەڵاتێکی گشتیی مسۆگەرکەری ملکەچبوونی ئارەزوومەندانەی هاووڵاتییان و گوزارشتکەر لە شەریکایەتی و بەشدار لەبچووککردنەوەی قەوارەی گرژییەکاندا. بەپێچەوانەوە، دەوڵەت لە عیراقی پێشوودا، لایەنێکی تێوەگلاوی گیروگرفتەکان بوو. دیارە لە نێوان مافەکان و ئامرازەکاندا، تێکهەڵکێشبوون هەیە و چەمکەکانی وەک هاووڵاتیبون و دیموکراسی دەبێ، لە ڕێی چەند هەنگاوێکی گرنگەوە سەقامگیر بکرێن، چونکە نە هاووڵاتیبون بەتەنها لێی رادەبینرێ گەرەنتیی ئارامی و سەقامگیری بکا و نە دیموکراسی بەتەنها. لێرەدا مەسەلەکە پێویستی بەبڕێکی زۆری بایەخدان بەگرنگیی هەندێ بابەتی وەک یەکسانی، شەریکایەتی و دانانی یاسا بەمافەکاندا هەیە. ئەگەر ئەمە نەکرێ، هاووڵاتیبون یان دیموکراسی تەنها وەک دوو چەمکی کۆڵەوار و کلۆڵ، کە هیچ ئومێدێکی چارەسەرکردنیان لەسەر هەڵناچنرێ، دەمێننەوە.

گومان لەوەدا نییە کە دەستەبەرکردنی یەکسانی یان شەریکایەتی یان دانانی یاسا بەمافەکاندا، دەرفەتێک بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامرازانە پێکدێنێ، کە پەرە بەکاراکردنی ئەم بابەتانە دەدەن. بەکردەوە، یەکسانی و شەریکایەتی چەند کلۆر و بێ ناوەڕۆک بن، ئەوەندەش لە دیکۆر بەولاوە هیچی تر نابن، بەڵام هەر کاتێک کە دەبن بەڕاستییەکی هەست پێکراو و پەسندکراو، دەشێ ئامرازی ماددیی وەک خوێندنگە، کۆمەڵە، رێکخراوی سیاسی و کولتووریی وایان پێ بێتە بەرهەم، کە سەرباری ئاسەوارە سایکۆلۆژییەکە، کاریگەرترین ئاسەوار لەسەر کۆمەڵ بەجێ دێڵن.

**کۆتایی**

عیراقی پێشوو نەیتوانی پەیوەندییەکی جێگیر لەنێوان پێکهاتەکانیدا بەدی بێنێ. ئەم ئەزموونە بەم مانایە دێ، کە بەبێ گۆڕینی پەیوەندییەکانی هێز و هێنانەکایەی پەیوەندیی ئازاد و ئارەزوومەندانە، عیراق هەرگیز بەیەکگرتوویی و بەئارامی بەردەوام نابێ. دوو مەرجە بنچینەییەکەی هێنانە دی پەیوەندیی ئارەزوومەندانە و پەسندکراو بریتین، لە هێنانە دی شەریکایەتیی راستەقینە و پێکەوەنانی دەوڵەتێکی ناسەنترال.

لەعیراقی پێشوودا زیاتر جەخت لەسەر یەکسانی کراوە، نەک لەسەر شەریکایەتی. بەڵام تیۆریی یەکسانی نەیتوانی چارەسەرێک بۆ گیروگرفتەکان بدۆزێتەوە. ئەزموونی عیراق روونی دەکاتەوە، کە یەکسانی بەتەنها، لەداڕشتنە دەستورییەکەیدا کە گوازرشت لە چەمکی هاووڵاتیبون دەکا، پرنسیپێکە سەقامگیریی پێ مسۆگەر ناکرێ. لەڕووی دەستورییەوە، عیراقی پێشوو دوور نەبوو لە یەکسانی و ئەم پرنسیپە لەهەموو دەستوورەکانی عیراقدا هەیە، وەک لە دوو ماددەکەی ٦ و ١٨ی دەستووری ساڵی ١٩٢٥و ماددەی ٩ی دەستووری ساڵی ١٩٥٨ و ماددەی ١٩ی دەسوتوری ساڵی ١٩٦٤ و ماددەی ٢١ی دەسوتوری ١٩٦٨دا دەبینرێ. تەنها چەمکی شەریکایەتیی پشت ئەستور بەدەربڕینێکی یاسایی دیاریکراو سەبارەت بەماف و ئەرکەکان، لێی رادەبینرێ، هەموو دەرگاکان بەڕووی چارەسەردا والا بکات.

یەکەم ئاماژە بۆ چەمکی شەریکایەتی لەدیکۆمێنتێکی فەرمیدا، لەساڵی ١٩٥٨دا لەدەستوری کاتیی عیراقدا هاتۆتە دی. بەڵام ئەم شەریکایەتییە تەنها پاش ٤٧ ساڵ، لەدەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا، هاتە دی. درێژیی ماوەی گواستنەوە لە ناشەریکایەتییەوە بەرەو شەریکایەتی، بەڵگەی بوونی دژواری و تەگەرەیەکی زۆرە، کە لەکاتی هەوڵداندا بۆ دۆزینەوەی میتۆدێکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوانیان، هاتۆتە بەر ڕێگای عیراقییەکانەوە.

چەمکی شەریکایەتی بەئەندازەیەکی پێویست واتاکانی یەکسانی و هاووڵاتیبوون دەگرێتە خۆ و لێشی رادەبینرێ بتوانێ رۆڵێک بۆ دۆزینەوەی زەمینەی پەیوەندییەکی جێگیر و سەقامگیر بگێڕێ. شەریکایەتییەک کە لەدەستوری کارپێکراوی ئێستای عیراقدا دەبینرێ، روخساری هەڕەشەکردنی دەوڵەت لە تایبەتمەندییە لۆکالییەکان ناهێڵێ. لەعیراقی پێشوودا، رەفتاری سیاسیی دەوڵەت کە چەمکی شەریکایەتی تێدا جێی نەبۆتەوە، دەستی هەبوو لەچەسپاندنی هەستکردن بەستەملێکراوی، ئەویش لەبەر ئەوەی دەوڵەت سیاسەتی وای پەیرەو دەکرد، کە ببووە مایەی هەڕەشەکردن لەتایبەتمەندییە لۆکالییەکان، وەک تەگبیرەکانی گۆڕینی دیموگرافی و قەدەغەکردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان.

کاتێک چەمکی شەریکایەتی بەشێوەیەکی یاسایی خۆی دەنوێنێ، وەکو ئەوەی ئێستا لەئارادایە، بارودۆخێکی لەبار بۆ هەنگاونان لەچەمکی پیرۆزکردنی دەوڵەتەوە بۆ چەمکی پیرۆزکردنی شەریکایەتی دەڕەخسێ. بەڵام لە ئەزموونی عیراقدا، چەمکی شەریکایەتی پەیوەندیی بەچەمکێکی ترەوە هەیە، کە چەمکی ناسەنتراڵیی دەوڵەتە، کە چەمکێکە مافی هەرێمەکان لەپاراستنی تایبەتمەندییەکانیان، بەبێ ئەوەی ئەم کارە بەپێشێلکردنی یاسا بدرێتە قەڵەم، دەسەلمێنێ.

چەند چەمکی شەریکایەتیی تێکهەڵکێشراو لەگەڵ چەمکی سیستمی ناسەنترال سەقامگیرتر بێ، ئەوەندەش هەستی خۆ بەعیراقیزان جێگیرتر دەبێ. یەکێ لەبەهرەکانی ئەم رژێمە ئەوەیە، کە چانسێک بۆ پەرەسەندنی پەیوەندییە سەقامگیرەکان دەڕەخسێنێ و کۆتایی بەمانا خراپەکانی هەردوو چەمکی زۆرینە و کەمینە دێنێ. بەم واتایە، ئایندەی عیراق دەوەستێتە سەر رادەی پابەندبوون بەچەمکی شەریکایەتیی تێکهەڵکێشراو لەگەڵ چەمکی سیستمی ناسەنترالدا. هەر بەم واتایەش، چەند دەوڵەت هەڕەشە لەتایبەتمەندییە لۆکالییەکان نەکات و چەند تایبەتمەندییە لۆکالییەکان هەڕەشە لەدەوڵەت نەکەن و چەند تایبەتمەندییە لۆکالییەکان هەڕەشە لەیەکتری نەکەن، ئەوەندەش رادەی سەقامگیریی پەیوەندییەکان دەتوانێ بەردەوامبوون بەشێوەیەکی باشتر مسۆگەر بکات.

سەرچاوەکان

١ـ نديم عيسى، الفكر السياسي لثورة العشرين، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢ ص ٤٣
٢. عبدالله فهد النفيسي. دور الشيعة في تطور العراق السياسي الحديث، دار النهار للنشر، بيروت ١٩٧٢ ص ١٢٢-١٢١
٣ـ نديم عيسى، المصدر السابق، ص ٦٤
٤ـ السيد عبدالرزاق الحسني، الثورة العراقية الكبرى، الطبعة السادسة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٩٢ ص ٣٨٨
٥ـ هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٧
٦ـ عبدالله فهد النفيسي. المصدر السابق، ص ٢٠٤ ـ ٢٠٥
٧ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧
٨ـ دیڤد کۆرن، ئەو دوو کەسەی کوردیان خزاندە ناو عێراقەوە: پرسی کۆکس و ئارنۆلد ولسن، گۆڤاری روانگەی جیهان، ژمارە ٤ ساڵی دووەم، هەولێر ١٩٩٥، ل ٢٧
٩ـ عبدالله فهد النفيسي. المصدر السابق، ص ١٢٥
١٠ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٧٢
١١ـ نديم عيسى، المصدر السابق، ص ١٠٩
١٢ـ سروة اسعد صابر، كردستان من بداية الحرب العالمية الاولى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤ ـ ١٩٢٦، مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر، اربيل ٢٠٠١، ص ٧٧